

# پەرواز هونەری جیهانی عەرەب



لە یەکەم دەرکەوتنی پەرواز حوسێن لە بەرنامەی (ئەرەب ئایدل) توانی سەرنجی ئەندامانی لیژنەکە بۆ خۆی رابکێشێت و بیسەلمێنێت کە خاوەن بەهرەیەکی هونەرییە، ئەگەرچی ناتوانێت بە تەواوی بە عەرەبیش قسە بکات بۆیە وەرگێڕێکی لەگەڵ بوو لەستۆدیۆ، بەڵام ئەو گۆرانییەی داوای لێکرا بە زمانی عەرەبی بیڵێت زۆر سەرکەوتوو بوو تێیدا.

شەوی هەینی – شەممە (١٢ – ١٣ / نیسان - ئەپریل/ ٢٠١٣) ئەڵقەیەکی نوێ لە پرۆگرامی بەرنامەی (ئەرەب ئایدل) لە کەناڵی (MBC) پەخشکرا ئەمجارەیان (پەرواز) هەرچەندە تا رادەیەك توانی بە زمانی عەرەبی خۆی بناسێنێت، بەڵام بە زمانی کوردی گۆرانیی «کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە...»ی گۆرانیبێژی ناسراوی کورد (مەزهەری خاڵقی) پێشکەشکرد و هەر لە سەرەتاوە ئەندامانی لیژنەکە سەرسامیی خۆیان بۆ دەنگی ئەو بەشداربووە کوردە دەربڕی.

لەم ئەڵقەیەدا پەرواز بەناوی کوردستانی عێراق ناسێنرا و لەسەر شاشە نووسرابوو (کردستان-عراق) نەك تەنیا عێراق، هەروەها زۆر سەرکەوتوو و توانی تا رادەیەکی زۆر لیژنەکە بە گۆرانی و موزیکی کوردی ئاشنا بکات، هەر بۆیە ئەندامانی لیژنە بەم شێوەیە رای خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەم بەهرە هونەرییە کوردیە:

(ئەحلام) خانمە گۆرانیبێژی بەناوبانگی کەنداو لەو ئەڵەقەیەدا لەبارەی (پەرواز)ـەوە، گوتی «پێویستە هەستی تۆ لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت... هەستی تۆ دەمکوژێت، بەپێی چەند کەسێکی نزیك لە پەروازەوە ئەحلام کە پەروازی بە جلوبەرگی کوردی بینیوە زۆر سەرسام بووە بەو جلوبەرگانە و داوای لێکردووە کە دەستەیەك جلوبەرگی کوردی هاوشێوەی خۆی بۆ ئامادە بکات.

(راغب عەلامە)ی گۆرانیبێژی لوبنانی و سەرۆکی لیژنەی پرۆگرامەکە لە بارەیەوە گوتی: «هەر لە سەرەتاوە دڵخۆش بووین، کە تۆ بەهرمەندێکی باشی، دڵخۆشتریش بووین، کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتوویتە، ئەو وڵاتەی کە ئێمە لە نەخشەی هونەرییەوە لێیەوە دوور بووین، بە بەشداری تۆ لە پرۆگرامی ئەرەب ئایدۆل کاریگەرییەکی زۆرت هەیە لە بەیەکەوە بەستنی نەخشەی هونەریی کوردستان بە نەخشەی هونەریی عەرەبی».

(نانسی عەجرەم) گۆرانیبێژی لوبنانی، هیوای ئەوەی خواست کە (پەرواز) فێری گۆرانییەکی کوردیی بکات و گۆرانییەك لەگەڵ ئەودا بڵێت.

(حەسەن ئەلشافعی) کە ئەندامی لیژنەکەیە و بە دەستهێنانی دەنگی ئەو تارادەیەك سەختە و زۆر راشکاوانە رای خۆی سەبارەت بە بەشداربووان دەڵێت و یەکێکە لەو ئەندامانەی لیژنە کە هەمیشە بەشداربووان ترسیان لە بە دەستهێنانی دەنگی ئەو هەیە، چونکە بە ئاسانی دەنگ بۆ کەس نادات ئەگەر قەناعەتێکی تەواوی پێی نەبێت، حەسەن دەربارەی ئەو بەرهەمەندە کوردە گوتی: «هەمیشە باسی تۆ دەکەم، من و زۆر کەسی دیکەت فێری زۆر شت لە موزیکدا کرد، تۆ رابەرێکیت بۆ هەموو ئەوانەی ئارەزووی گۆرانی وتن دەکەن.

**لە هونەریشدا دژایەتی کورد دەکەن**

شۆڤینییەکان لە هەموو بوارێکدا دژایەتی کورد دەکەن کە هونەریش لەو دژایەتییە بێبەش نەبوو، چونکە سەرەڕای ستایش کردنی پەرواز لەلایەن لیژنەوە،بەڵام لە زۆربەی پەیج و ماڵپەرە عێراقییەکان بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ پەرواز دەربڕی و هێرشیان کردە سەری و چەندین پەیجی فایسبوکیان بە ناوی پەروازەوە کردەوە و زۆر شتی نابەجێ و نادرووستیان بڵاوکردەوە، تەنیا لە بەر ئەوەی کوردە و لە دیمەنێکدا نەخشەی کوردستانی لە مل بوو و بەناوی کوردستانی عێراق پێشکەش کرا و بە زمانی کوردیش گۆرانییەکەی خۆی پێشکەش کرد.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی و بە تایبەتیش (فەیسبووك) زۆرێك لە توێژە جیاوازەکان لەهەرێمی کوردستان دڵخۆشیی خۆیان دەربڕی و پشتگیریی خۆیان بۆ پەرواز پیشاندا.

(ئەڤین ئاسۆ) میدیاکار و ژنە پێشکەشکاری تەلەفزیونی لە لاپەڕەکەی خۆیدا لە (فەیسبووك)دا لەبارەی (پەرواز)ـەوە نووسیویەتی: «خاتوونەکەم سڵاوت لێ بێت سەرسامم بە جوانی و پاکی ناخت، شانازیت پێوە دەکەم کە بە بوێری و چاونەترسی و باوەڕ بەخۆبوونەوە بەشداری بەرنامەی (ئەرەب ئایدڵ)ـت کردووە».




# ...ی زیاتر ئاشنای گۆرانی و موزیکی کوردی دەکات

هەروەها دەڵێت: «تا ئەم ئاستە هاتوویت و بویتە جێگەی سەرنجی لیژنە و چەندین وشەی جوانمان بیست دەربارەی خۆت و کوردو کوردستان، لە ڕێگەی تۆوە چەندین جار ناوی کوردستان هات و ناساندنێکی ترت بۆ وینەی جوانی کوردستان و هونەری کوردی بە دنیای عەرەب و جیهان کرد».

شێنێ عەزیز (شاجوانی کوردستان) رایدەگەیەنێت کە پاڵپشتیکردنی (پەرواز حسێن) لەبەرنامەی (Arab Idolی کەناڵی MBC) ئەرکێکی نیشتمانی هەموو کوردێکەو هیوادارە لاوانی کورد بە کوڕو کچەوە لەم ئەرکەدا کەمتەرخەم نەبن.

شێنێ عەزیز، بەبۆنەی سەرکەوتنی خانمە دەنگخۆشی کورد (پەرواز حسێن) لەبەرنامەی (Arab Idolی کەناڵی MBC) لەپەیامێکیدا رایگەیاند «داوا لە کوردانی دەرەوەی وڵات دەکەم پاڵپشتی لەپەرواز بکەن و دەنگی پێبدەن، بۆیە ئەم داواکارییەشم بەهەر سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی و نەرویژی بڵاو دەکەمەوە».

شاجوانی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمڕۆ خونچەگوڵێکی دیکە لەبواری گۆرانی و میوزیك لەکوردستان سەردەردەهێنێ و پێویستی بە پاڵپشتیکردن هەیە، خانمە دەنگ خۆشەکەی کوردستان، خاتو پەرواز کە بەشداری بەرنامە بەناوبانگەکەی Arab Idolی کەناڵی MBC دەکات و بەهۆیەوە ناوی کوردستان و هونەری بەرزی کوردیمان بەگوێی زۆرێك ئاشنا دەبێت و چریکەی (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە) وەکو گۆرانییەکی ڕەسەنی کوردی هەموو ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی سەرسام کرد و ناساند و گوێگرانی عەرەبی بە هونەری کوردی ئاشنا کرد و بە دانپێدانانی خودی لیژنەکە: «خۆشحاڵن کە لە کوردستانەوە هاتویت» و «بە ئامادەبوونت لە بەرنامەی ئەرەب ئایدل بەشداریت کرد لە گرێدانی نەخشەی هونەریی کوردستان بە نەخشەی هونەری عەرەبی».

شێنێ جەختیکردەوە کە (پەرواز) لەو بەرنامەیەدا تەنها گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکو نوێنەری هونەری کوردییە بەرووی جیهانی عەرەبدا کە هێشتا وەکو پێویست ئاشنا نین بە هونەر و کلتوری کورد و دەڵێت «بۆیە پاڵپشتیکردنی پەرواز ئەرکێکی نیشتمانی هەموو کوردێکەو هیوادارم لاوانی کورد بە کوڕو کچەوە لەم ئەرکەدا کەمتەرخەم نەبن».

لەکۆتاییشدا بە (پەرواز) دەڵێت «پەرواز، کچە کوردە جوان و دەنگە پڕ سۆزەکە، بەبەشداریکردنت سەر بەرزین، بەردەوامبە، چونکە هەموومان پاڵپشتیت دەکەین».

**پەرواز ژمارە شەشە و پێویستی بە دەنگدانی هەمووان هەیە**


بەپێی یاساکانی ئەم بەرنامەیە جەماوەر دەتوانن لە ڕێگەی (SMS)ەوە دەنگی خۆیان بدەن بەو بەشداربووە کە خۆشیان دەوێ و خاوەنی زۆرترین دەنگ لە پرۆگرامەکەدا دەمێنێتەوە، هەر یەك لە بەشداربووانیش ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە ژمارەی (پەرواز) لەم پێشبڕکێیەدا (٦)ە.

لەم پرۆگرامەدا ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە بەشێك لە هونەرمەندانی عەرەبی لەبەرئەوەی کورد وەکو میللەت بە تەواوی ناناسن، ئاساییە کە بە هونەری کوردیش ئاشنا نەبن، بەڵام لەبەرئەوەی لیژنەی دادوەرانی بەرنامەی (ئەرەب ئایدل) شارەزاییەکی زۆریان لە دەنگ و موزیك دا هەیە، دەتوانن ئەو کەسانەی، کە بەهرە و توانای هونەرییان هەیە لە کەسانی دیکە جیا بکەنەوە.

هەمووان بە دەنگی (پەرواز) سەرسام بوون، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، کە ئەو کچە کوردە بە ناوی کوردستانەوە بەشدارە و بە زمانی کوردی گۆرانی پێشکەشدەکات.

گۆرانیی کوردی دەتوانێت لە چوارچێوەی کوردستاندا بچێتە دەرەوە، ئەگەر بۆ موجامەلەش بێت، بەڵام قسەی (نانسی عەجرەم) دەکرێت بە نموونە بهێنینەوە کە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد «ئەو حەز دەکات گۆرانی بە کوردی بڵێت».

ئەو بەهرەمەندە کوردە، هێشتا لە دەستپێکی کاری هونەریدایە، بەڵام توانی موزیکی کوردی بە جیهان بناسێنێت، بە تایبەتیش جیهانی عەرەبی و ئەو دوورییەی لە نێوان هونەری کوردی و عەرەبیدا هەبوو، نەهێڵێت».



# ئیڤا مەندیس بێ خانووە

خانمە ئەکتەر ئیڤا مەندیس ئاشکرای کرد کە یەکێ لە ئاواتە سەرەکییەکانی لە ژیاندا بریتییە لەوەی ببێت بە خاوەنی خانووی خۆی کە بە ویست و ئارەزووی خۆی دروستی بکات و کەلوپەلەکانیشی خۆی هەڵیانبژێرێت.

یەکێک لەو کارانەی کە ئیڤا پێی ناسراوە ئەوەیە کە هەمیشە خۆی بە ڕێکخستن و ڕازاندنەوەیماڵەوە خەریک دەکات بۆ ئەوەی هەمیشە ماڵەکەی جوان و ڕێکخراو بێت بۆیە نایشارێتەوە کە یەکێک لە ئاواتە هەرە گەورەکانی ژیانی ئەوەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خانووەك دروست بکات لە دیزاینی خۆی بێت و دیکۆرەکەی خۆی دایڕێژێت و هەڵیبژێرێت.


لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری لۆك، ئیڤا مەندیس کە ئێستا لە پێوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ ڕایان جۆسلینج، ئیڤا وتی: من دیزاینەرێکی زۆر سەرکەوتوو نیم، بۆیە حەز دەکەم کەسانێك هەبن یارمەتیم بدەن بۆ چۆنیەتی دروستکردنی خانوو، بەڵام حەز دەکەم خۆم کەلوپەل و دیکۆری خانووەکەم هەڵبژێرم.

# جیسیکا بڕوای بە پێوەندییە پتەوەکان هەیە

جیسیکا ئەلبا ئاشکرای کرد کە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی لە ژیاندا بریتییە لە بوونی پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئەو کەسانەی لێی نزیکن، بۆیە گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە کردنی خێزانەکەی دەدات و لە پلەی یەکەم دێن بۆلای ئەو.

جیسیکا ئاشکرای کرد کە سەرەڕای ئەوەی زۆر پابەندە بە کارە هونەرییەکانی خۆیەوە، بەڵام خێزان و منداڵەکانی لە پلەی یەکەم دێن و هیچ کاتێك فەرامۆشیان ناکات، جیسیکای تەمەن ٣١ ساڵ بە یەکێك لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی هۆلیوود دادەنرێت و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و هەمیشە لەلایەن دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرە ناودارەکانی جیهانەوە ڕۆڵی جیاجیای پێشکەش دەکرێت، بەڵام لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گلامۆر دەڵێت: بوونم بە دایك و بوونی پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هاوسەر و هاوڕێیان و خێزانەکەم لە هەموو شتێك گرنگترە لای من و بە گەورەترین سەرکەوتنی دەزانم لە ژیانمدا.





# نیکی قژی خۆی کردە قوربانی

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی نیکی ريد کە بە قژە درێژەکەی ناسراوە کە هەمیشە لەسەر شان و پشتی درێژ دەبۆوە، لە ناکاو قژی بڕی و بە ستایلێکی نوێ و جیاوازەوە دەرکەوت.

قژی نیکی ئەم جارەیان زۆر کورت بوو کە بۆ کەسە نزیکەکانی و جەماوەریشی شتێکی نوێ بوو، ماڵپەڕی (بیبۆل) ی ئەمریکی لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: نیکی تەنیا بە بڕینی بەشێکی زۆری قژی نەوەستا بەڵکو ڕەنگی قژیشی بە بۆیەکی نوێ گۆڕی کە زیاتر لە ڕەنگی سووری کراوەوە نزیکە، بیبۆل ئەوەشی ڕاگەیاند کە نیکی پەشیمان نەبوو لەو کارە بە پێچەوانەوە لە شاری نیویۆرك دەسوڕایەوە بە زەردەخەنە و پێکەنینەوە و زۆریش شانازی بەخۆی و ستایلی نوێیەوە دەکرد. ئەوەشی ئاشکرا کرد پێشتر قژی نیکی زۆر درێژ بوو و بەشێکی زۆری پشتی دادەپۆشی، بەڵام ئێستا لە مەچەکی زیاتر نییە.



# ئەڤریل لاڤین تاتۆیەکی نوێ

تاتۆ و وێنەکێشان لەسەر دەست و جەستە، بووەتە مۆدە لای ئەڤریل لاڤینی گۆرانیبێژی کەنەدی و هەمیشە تاتۆکانیشی پێشتر هاوشێوەیان هەبووە لەوانەش تاتۆی هاوشێوەی هاوسەری پێشووی دیریك ویبلی.

بەم دواییە ئەڤریل تاتۆیەکی نوێی لەسەر دەستی کێشاوە کە هاوشێوەی تاتۆی شاد کرۆگری دەستگیرانییەتی، دەربارەی ئەم تاتۆیە ئەڤریل دەڵێت: کاتێك یەکەم جار کرۆگرم بینی باسی تاتۆم نەکرد، بەڵام رۆژی دواتر پێمگوت: تۆ دەبیت بەخاوەنی تاتۆیەکی هاوشێوەی تاتۆی من، ئەمە لە فەرەنسا روویدا، بۆیە پاش چەند رۆژێك هەردووکمان تاتۆی هاوشێوەی یەکترمان دروستکرد کە بریتییە لە رستەی (vivre le lmoment present) واتە (ئەو ساتە بژی).

شایەنی باسە تاتۆی پێشتری ئەڤریل هاوشێوەی دیریك ویبلی هاوسەری بوو و بریتی بوو لە ژمارە ٣٠ لەسەر مەچەکی کێشابووی.

## دڵنیا کاموسی:

# لە دراما کوردییەکاندا گرنگی زیاتر بە دیالۆگ دەدرێت نەک بە ڕۆڵ بینینەکە

کاری نواندن وەك حەزێك بووە لای دڵنیا و هەر لەتەمەنێکی زوودا خولیای ئـەو هونەرە بووە، دڵنیا دەڵێت: یەکێك لە حەزەکانی ژیانم بریتی بوو لە نواندن و ڕۆڵ بینین لە سـینەمادا، ئەوە بوو سەرەتا چەند تێسـتێکم لە بواری نواندن و چۆنییەتی نواندن ئەنجامدا، و ساڵی ٢٠٠٤ بەشـداریم لەیەکەم کورتە فیلمدا کرد، دواتر لەساڵی ٢٠٠٥دا توانیم خەڵاتی باشـترین ئەکتەر بەدەست بهێنم لە فیلمێك کە باس لە خۆشەویستیی کچ و کوڕێك دەکات.

دڵنیا بۆ بینینی ڕۆڵی (خەج) کە ڕۆڵێکی سـەرەکییە لە زنجیرە درامای (خەج و سـیامەند) هەڵبژێردراوە، وەك دڵنیا خۆی دەڵێت هەڵبژاردنی بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە لەسەر داوای خانمە ئەکتەر رووپاك عەبدولقادر و ئەویش ئەو داوایەی بە خۆشـحاڵییەوە قبوڵ کردووە، دەربارەی زنجیرە دراماکەش دەڵێت: ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٢ دەستکراوە بە وێنەگرتنی لە گوندی سوسێ، بڕیار بوو بەر لە ماوەیەك دەست بکرێتەوە بە وێنەگرتنی، بەڵام بەهۆی وەرزی زسـتان و سـەرما و سـۆڵە وێنەگرتن راگیرا بوو، ئێسـتا لەبەر گونجانی کەشوهەوا دەسـتکراوە بە وێنەگرتنی، ئەم زنجیرەیە لە نووسینی نازم دڵبەند و دەرهێنانی نزار مامەیە، من ڕۆڵی خەجی تێدا دەبینم و شـەهرام نامق ڕۆڵی سیامەندی پێ سپێردراوە.

پێشـتر دڵنیا تەنیا لە سـینەما ڕۆڵی بینیوە بەتایبەتی لە کورتە فیلمەکان، بـەڵام ئەم جارەیان لە درامادا ڕۆڵی سـەرەکیی هەیە سـەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان سـینەما و دراما بەتایبەتی بۆ کچێك کە لەسـەرەتای کاری هونەرییە لە بواری نواندن دەڵێت: بۆ من بێگومان کاری سـینەما قورسـترە لەبەر ئەوەی لە سینەمادا ئەکتەر ماوەی زۆری لەبەردەستدا نییە بۆ نواندن، بەڵام لە درامادا ئەکتەر دەتوانێت زیاتر نواندن بکات و لەوانەیە کاتێکی زیاتریشـی هەبێت، بەشـێوەیەکی گشـتی لەبەر ئەوەی نواندن یەکێك بووە لە حەزەکانی ژیانم هەردووکیان (سینەما و دراما) بۆ من خۆشییەکی تایبەتییان هەیە ئەگەرچـی رەنگە وێنەگرتنی درامایەك چەندین مانگ بخایەنێت.

لە وەڵامی ئەو پرسـیارەی کە لە ڕۆڵی (خەج) چ شـتێك زیاتر سـەرنجی راکێشایت و وای لێکردیت قبوڵی بکەیت؟ دڵنیا دەڵێت: جگە لە لایەنە هونەرییەکەی، بەسـەرهاتی (خەج) سەرنجی زۆر راکێشام، چونکە (خەج) کە عاشقە بۆ عەشقەکەی دەژی.

ئەگەرچی مێژووی کورد پڕە لە داسـتانی ئەڤینداری لە شێوەی (خەج و سـیامەند، مەم و زین، شیرین و فەرهاد) کە بناغەیەکی زۆر دەوڵەمەندن بۆ ئەوەی لە بواری درامادا سوودیان لێ وەربگیرێت و بە جوانترین شێوە لە هەموو روویەکەوە بەرجەستە بکرێن و بخرێنە بەر دەسـتی بینەری کورد، کەچی ئەوەندەی خەڵك سەیری دراما تورکی و کۆرییەکان دەکات و پێوەیان سەرقاڵە ئەوەندە بیر لە هونەر و درامای کوردی ناکاتەوە و تا رادەیەکی زۆریش پێیان نامۆیە، لەم بارەیەوە دڵنیا پێیوایە کە ئەم داستانە کوردیانە چیرۆکی زۆر جوانن و دەڵێ: خەڵکی ئێمە زۆر گوێبیسـتی ئەم چیرۆك و داسـتانانە بووە، بەڵام بە بڕوای من سەیر کردنی دراما تورکی یان کۆریەکان رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خەڵك حەز دەکات شتی نوێ بزانێت و ببیستێت، حەز دەکەن ئاشنای چیرۆك یان داستانێکی خۆشەویستی بن کە تا ئێستا نەیانبیستووە.

دڵنیـا ئەم کارە بـۆ بێهێزی و ئاسـت نزمی درامـای کوردی ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا درامای کوردی لە ئاستێکی باشدایە، من پێموانییە بێهێز بێت، بەڵام دراما بیانییەکان شتی نوێی تێدایە کە سەرنجی خەڵك زیاتر رادەکێشێت هەر بۆیەشە زۆر سـەیریان دەکەن، دڵنیا هەر سـەبارەت بـە درامای کوردی و هۆکارەکانی پێویسـت بۆ پێشخسـتنی زیاتری گوتی: من لە روانگەی خۆمەوە قسە دەکەم، پێموایە درامای کوردی پێویستی بە کرانەوەی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی هەنگاوی باشتر بنێت و زیاتر پێش بکەوێـت، چونکە ئەوەی من تێبینیم کردووە لە دراما کوردییەکاندا زیاتـر گرنگی بە گفتوگۆ (حوار) دەدرێت نـەك بە ڕۆڵەکە، لە درامـا تورکی یان کۆرییەکاندا ئەکتەر حیوارەکە بە یەك شـێوەزار پێشـکەش دەکات، چونکە زمانی تورکی یان کۆری یەك شێوەزارە، بەڵام لە زمانی کوردی چەندین شێوەزار هەیە بۆ نموونە سۆرانی، کرمانجـی، هەورامی، هەروەها رەنگە رۆژهەڵاتی لەگەڵ رۆژئاوا و باکوور و باشـووردا جیاواز بێت، ئەگـەر یەکێك لە رۆژهەڵاتی کوردسـتانەوە هاتبێت زیاتر تەرکیز دەکاتە سـەر ئەوەی حیوارەکە وەك خـۆی بڵێتەوە و ئەوە نییـە کە چەند مانگێك پێش وێنەگرتن سـیناریۆت هەبێت و مەشـق و پرۆڤەی لەسـەر بکەیت، ئەمەش بێگومان کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەکتەر.

بەر لـە ماوەیەك دڵنیـا رایگەیاند کە بۆ سـاڵی داهاتوو یاخود بۆ هەڵبژاردنی شـاجوانی کوردسـتان وەك کچـە کوردێك خۆی هەڵدەبژێرێـت، لـەم بارەیەوە دەڵێت: راسـتە من پێشـتر ئەمەم راگەیاندبوو و هیوای ئەوەم هەبوو کە لەم پێشـبڕکێیەدا بەشـدار بم، بەڵام ئێسـتا بڕیارم داوە زیاتر کاری هونەری بکەم و نامەوێ کارێـك بکەم کە ببێتە هۆی ئـەوەی هونەرەکەم لە بیر بباتەوە یان لێی دووربکەومەوە، هەروەها حەز ناکەم بۆ ئەوەی ببم بە شـاجوان خەڵك لە بیر بکەم کە پێشتر هونەرمەند بووم واتە دەمەوێ ئێستا وەکو هونەرمەند زیاتر بمناسن.

سەبارەت بە کاری دۆبلاژ و ئەوەی ئێستا لە زۆربەی کەناڵـە کوردییەکان هەیە، دڵنیـا روونی کردەوە: بێگومان دۆبـلاژ کاریگەریـی دەبێت لە دوور کەوتنەوەی زیاتر جەماوەر لە دراما کوردییەکان، من خۆم تا ئێستا بەشداریم نەکردووە لە هیچ کارێکی دۆبلاژ و داواشم لێنەکراوە بەشداری بکەم و، ئەوەی لە زنجیرە دۆبلاژکراوەکانی سـەر زمانی کوردی تێبینیـم کردووە ئەوەیە کە ئەوانەی بە دەنگ بەشدارن بە هەستەوە کارەکە ناکەن.

**دڵنیا کاموسی خەڵکی شاری بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ساڵی ١٩٩٢ لەبۆکان لەدایکبووە، ئەگەرچی بە تەمەن بچووکیشە، بەڵام بەشداری لە چەند فیلمێکی سینەماییدا کردووە لە ئێران وەک فیلمی (ناسۆر) لە دەرهێنانی(حوسێن بەلەدی) و فیلمی (یەکەم رۆژی باران) لە دەرهێنانی خانمە دەرهێنەر ناجی سەلیمی، ئەمانە بەر لەوەی روو لە شاری سلێمانی بکات لەگەڵ خانەوادەکەی و لەوێ بگیرسێنەوە، کە روویان لە باشووری کوردستانیش کرد بە لێهاتوویی خۆی و هاندانی خانەوادەکەی بەردەوام بوو لە کاری سینەمایی، بڕیاری داوە بێتە کوردستان و بەردەوامی بەسینەما بدات و یەکێک لە ئومێدەکانی ئەوەیە ببێتە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو لە بواری سینەما و درامادا، جگە لە سینەما دڵنیا لە دراماشدا بەشداری کردووە و یەکێک لەو کارانەی کە ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت زنجیرە درامایەکە کە ئێستا لە قۆناغی وێنەگرتندایە لە شاری هەولێر.**

